پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- هات ژووروەوە بۆ لام، وپیاوێک لە لام بوو، ووتی: ئەی عائیشە، ئەمە کێیە؟ ووتم: برامە لە شیرپێدانەوە، فەرمووی: ئەی عائیشە، ئاگاداربن (ئەی ئافرەتان) کێ وەکو براتان دادەنێن؟ چونکە ئەو شیرپێدانە (مارەیی قەدەغە دەکات)

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- هات ژووروەوە بۆ لام، وپیاوێک لە لام بوو، ووتی: «ئەی عائیشە، ئەمە کێیە؟»، ووتم: برامە لە شیرپێدانەوە (برای شیریمە)، فەرمووی: «ئەی عائیشە، ئاگاداربن (ئافرەتان) کێ وەکو براتان دادەنێن؟ چونکە ئەو شیرپێدانە (مارەیی قەدەغە دەکات) کە برسێتی ناهێڵێت*». *(برسێتی ناهێڵێت: مەبەست ئەو شیرپێدانەیە کە لە سەرەتای دوو ساڵی تەمەنی منداڵ (دەبێت، وپێنج جار یان زیاتر دەبێت شیرپێدانەکە هەروەکو لە فەرموودەکەی تردا ئاماژەی بۆ کراوە

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- چووە ژووروەوە بۆ لای عائیشە، بینی برایەکی لە لایەتی لە شیرپێدانەوە (برای شیری) -بەڵام پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سەبارەت بەمە نەیدەزانی-بۆیە ڕەنگی دەموچاوی گۆڕا بەهۆی حەز نەکردنی لەم حاڵەتە و وەکو غیرەتێک لەسەر خێزانەکەی. بەڵام عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- هەستیکرد بە هۆکاری گۆڕانی حاڵەتی دەموچاوی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، بۆیە هەواڵی پێیدا کە ئەو کەسە برایەتی لە شیرپێدانەوە (بـرای شیریەتـی). فەرمـووی: ئـەی عـائیشە، ئاگـاداربن (ئافرەتـان) کـێ وەکـو براتـان دادەنێـن وبـە دوای جێگیـری مەسەلەکە بگەڕێن لەم بابەتەدا؟ چونکە هەندێک شیرپێدان هەیە نابێت هۆی مەحرەم بوونی کەسێک، چونکە ئەو شیرپێدانە (مارەیی قەدەغە دەکات) کە برسێتی ناهێڵێت*، وگۆشتی بەهۆیەوە زیاد دەکات وئێسک بەهێز دەکات، ئەمیش لەکاتێکدا دەبێت کە منداڵەکە برسی بێت وپێویستی بە شیر بێت وهیچ خواردنێکی تر تێری نەکات، ئەگەر پێنج جار یان زیاتر شیری پێیدا وتەمەنی منداڵەکە دوو ساڵ تێپەڕی نەکردبوو ئەوا لێرەدا دەبێتە مەحرەم، وئەو ئافرەتەی شیری بەو منداڵەی تر داوە کە لە ئافرەتێکی تر بوو وئەم مەرجانەی پێشووی تێدا بووە ئەوا وەکو منداڵی خۆی لێدێت ودەبنە مەحرەمی یەکتر ومنداڵەکە دەبێتە مەحرەمی خێزانی شیرپێدەرەکە، بۆیە دروستە حیجاب نەکات لە کاتی ئامادە بوونی (برای شیری)، ودروستە بە تەنها لەگەڵیدا بمێنێتەوە، ولە سەفەردا لەگەڵیدا بێت، ئەمە ئافرەتە شیرپێدەرەکە ومێردەکـەی دەگرێتـەوە ومنـداڵەکانیان وبراکانیـان وخوشکانیـان ودایکـان وباوکانیـان، واتـە منـداڵە شیرپێـدراوەکە دەبێتـە مـەحرەم لەگـەڵ هەمـوو ئـەم کەسـە نزیکـانەی ئـافرەتە شیرپێـدەرەکە. *(برسـێتی نـاهێڵێت: مەبەستە ئەو شیرپێدانەیە کە لە سەرەتای دوو ساڵی تەمەنی منداڵ دەبێت، وپێنج جار یان زیاتر دەبێت شیرپێدانەکە هەروەکو لە فەرموودەکەی تردا ئاماژەی بۆ کراوە)

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/6027